# فیلمێکی کوردی کێبڕکێی وەرگرتنی خەڵاتی فیلمی نیشتمانیی بەریتانیا دەکات




## دانی دارین: فیلمێکم دەربارەی کارەساتی هەڵەبجە کێبڕکێی فیلمە جیهانییەکان دەکات



دەرهێنەری کورد، دانی دارین، فیلمێکی درێژی سینەمایی بەناوی (٠٣/١٦) بەرهەمهێناوە، کە وەک خۆی دەڵێت، لە کوردستان سووکایەتی بە فیلمەکەم کرا، کەچی لە ئەمریکا و ئەوروپا ٣٢ خەڵاتی وەرگرتووە. وەک باسیکرد، ئێستا ئەم فیلمە لەگەڵ فیلمە بەهێزەکانی هۆلیوود و ئەوروپا بۆ خەڵاتی نیشتمانیی بەریتانیا بەربژێر کراوە، دانی دارین لەم هەڤپەیڤینەدا باس لە چۆنیەتی بەرهەمهێنانی ئەم فیلمەی دەکات.

فیلمی (٠٣/١٦) لە دەرهێنانی (دانی دارین) بە شێوەیەکی سینەمایی باس لە کارەساتی هەڵەبجەی شەهید و هەروەها ململانێی سیاسەتمەدارەکان دەکات، کە چۆن بڕیارەکانیان کاریگەرییان لەسەر مرۆڤە بێتاوانەکان هەیە. دانی دارین لە بارەی ئەم فیلمەی دەڵێت: ئەم فیلمە تەنیا ڕێگەیەکە بۆ ناساندنی تاوانی هەڵەبجە بە هەموو جیهان، بۆیە ئەم فیلمە کاریگەرییەکی یەکجار زۆری کردووتەوە سەر ئەو کەسانەی ئەم فیلمەیان بینیوە، ئەمەش وایکردووە، بۆ چەندین فیستیڤاڵی جیهانی داوا بکرێت و خەڵات بکرێت. جۆری فیلمەکە ئەکشن و درامی و پۆلیسییە، ماوەکەی دوو کاتژمێرە، لە کوردستان و بەریتانیا کاری وێنەگرتن و تەکنیکی بۆ کراوە، ئەکتەرەکانی ٨٠٪ی بەریتانین، ٢٠٪ی کوردی باشووری کوردستانن. خۆشبەختانە تاوەکو ئێستا ٣٠ خەڵاتی نێودەوڵەتی وەرگرتووە و ٣٢ جاریش بۆ وەرگرتنی خەڵاتی نێودەوڵەتی بەربژێر کراوە، لەبەرنامەشدایە لە چەند فیستیڤاڵی دیکەی ئەمریکا و ئەوروپا بەشداری بکات، کە من پێشبینی دەکەم ژمارەیەکی پێوانەیی لە وەرگرتنی خەڵات تۆمار بکات».

هەروەها دەڵێت: «ئەم فیلمە بۆ وەرگرتنی خەڵاتی نیشتمانیی بەریتانیا کە بە The National Film Awards UK ناسراوە، بۆ چوار خەڵات بەربژێر کراوە، کە کێبڕکێی فیلمە بەهێزەکانی هۆلیوود دەکات، فیلمەکەیان ٢٠٠ ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخان کراوە، بەڵام فیلمەکەی من بەشێکی زۆری بە خۆبەخش و بە بودجەیەکی کەم بەرهەمهاتووە، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ خەڵاتی (باشترین سیناریۆنووس، باشترین فیلمی پۆلیسی، باشترین فیلمی درێژ، باشترین فیلمی سەربەخۆ ) بەربژێر کراوە».

سەبارەت بە ئەگەری بەدەستهێنانی خەڵاتەکانی ئەو فیستیڤاڵەش دەڵێت: «هیوادارم بتوانم ناوی هەڵەبجەی شەهید ببەمە سەر ستەیجی ئەم فیستڤاڵە مەزنە، ئەمەش بۆ گەلی کورد بەگشتی و بۆ هەڵەبجەی شەهید بەتایبەت شەرەفێکی گەورە دەبێت، دەمەوێت ئەوە بڵێم، کە ئەم خەڵاتە لە ڕێگەی خەڵك و لیژنەی دادوەران بەشێوەی دەنگدان دیاری دەکرێت، بۆیە داوا لەخەڵك دەکەم دەنگ بە فیلمی من بدەن بۆ ئەوەی وەکو دەرهێنەرێکی کورد ئەم خەڵاتە وەربگرم، کە بۆ یەکەمجارە فیلمێکی کوردی بگاتە ئەو قۆناخە».

سەبارەت بە ئامانجی فیلمەکەش گوتی: «چەند ئامانجێکم لە دروستکردنی ئەم فیلمە لەسەر ئەرکی خۆم هەبوو، یەکەم دەمەوێت چیرۆکی تراژیدیای هەڵەبجە بخەمەسەر شاشەی سینەماکانی جیهانی و لە فیستڤاڵە جیهانییەکان نیشانی بدەم، لەگەڵ ئەوەشدا سەرنجی هونەرمەندان و سینەماکاران و ئەستێرەکانی جیهان بۆ دۆزی ڕەوای گەلی کورد ڕابکێشم، دووەمیش بە پێچەوانەی فیلمە کوردییەکانی دیکە هەوڵی نیشاندانی جوانیی کوردستان و شوێنە گەشتوگوزارییەکانم لە چاوی کامێراوە داوە، جگە لەمەش هەوڵی نەهێشتنی گومانی تیرۆر و هەوڵی نیشاندانی ئارامیی کوردستانم داوە، چونکە بە جۆرێك لە میدیاکان وایان لە خەڵکی ئەوروپا گەیاندووە کە ئێمە هەموومان تیرۆریستین، ئەمە لە کاتێکدا بە درێژایی مێژوو، ئێمە قوربانیدەری شەڕی سیاسەتمەدارە گەورەکانی جیهان بووین.



یەکێك لە گرفتە هەرە سەرەکییەکانی فیلمی کوردی بریتییە لە نەبوونی بودجەی پێویست، دەربارەی دابینکردنی بودجەی فیلمەکە، دانی دارین دەڵێت: «بودجەی ئەم فیلمە نزیکەی یەك ملیۆن و ٢٠٠ هەزار دۆلاری ئەمریکی بوو، لە سەدا ٢٥ی کۆمپانیایەکی بەریتانی دابینی کردووە و ئەوەی دیکە خۆم و چەند هاوڕێیەکی دڵسۆزم لەسەر ئەرکی خۆمان دابینمان کردووە، حەزمان کرد، وەکو دڵسۆزییەك بۆ ئەم شارە ئەم فیلمە درێژە بەرهەم بهێنین، بەداخەوە لە کوردستان کەس هاوکاریی ماددی نەکردووین، هەمووی لەسەر ئەرکی خۆمان بووە، لە چەند جێگایەك باس لەوە کراوە، کەوا من پارەم لە حکومەت وەرگرتووە، بەڵام من داوا دەکەم هەر بەڵگەیەك لەسەر پارە وەرگرتنی من هەیە بیخەنەڕوو، ئامادەی هەموو سزایەکیشم.

دانی دارین، ئەوەش دەخاتەڕوو کە وەك زۆربەی سینەماکارە کوردەکان لە کوردستان بەپێی پێویست ڕێز لە فیلمەکەی نەگیراوە، هەر لەم بارەیەوە دەڵێت: «لە هەموو جیهان ڕێز لە فیلمەکەی من دەگرن و خەڵاتمان پێشکەش دەکەن، یەکەم نمایشی ئەم فیلمەم لە کوردستان کرد، بەڵام زۆر بەداخەوە لە هەولێر و سلێمانی هیچ ڕێزێکی لێ نەگیرا و بگرە بە چاوێکی زۆر سووك سەیری کرا، بەڵام من باوەڕم بە کارەکەی خۆم و بە دۆزی ڕەوای گەلەکەم هەیە و هەرچی لە توانامدا بێت لە پێناویدا دەیکەم، چونکە من خۆم لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەر گەورە بووم و هەمیشە خزمەتکردنی نیشتمانەکەم لە پێش هەموو شتێکەوەیە. پێویستە ئاماژە بەوەش بکەم کە جگە لە سەرپەرشتیارانی مۆنۆمێنتی هەڵەبجە هیچ لایەنێکی دیکە وەکو شارەوانی و ئاسایشی هەڵەبجە، هاوکارییان نەکردووم، بگرە ڕێگریشیان لێ کردووم، خەڵکی هەڵەبجە زیاتر لە حکومەت هاوکارو پاڵپشتم بوون، سوپاسی بەڕێوەبەرایەتی سینەمای سلێمانی دەکەم کە هاوکارم بوون، هەروەها سوپاسی بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆ و بەڕێوەبەرایەتی فرۆکەخانەی هەولێر دەکەم، کە زۆر هاوکارییان کردووم.

# سۆفیا هەڕەشە لە یاریزانێکی هیندی دەکات





بەر لە ماوەیەك هەواڵێکی ئەستێرەی سینەمای هیندی (سۆفیا حەیات) بە هۆی پەیوەندیی خۆشەویستی لەگەڵ یاریزانی کریکێتی ناسراوی هیندی (رۆهێت شارما) یەکێك لە گەرمترین بابەتەکانی میدیای ئەو وڵاتە بوو، ئێستاش میدیاکان بە شێوەیەکی جیاوازتر باس لەو پەیوەندییە دەکەن.

سۆفیا بەر لە چەند رۆژێك رایگەیاند: بە نیازە کتێبێك بڵاو بکاتەوە دەربارەی ئەو پەیوەندییە و گشت وردەکارییەکانی لەو کتێبە بخاتەڕوو، لەم رووەوە رۆژنامەکان رایانگەیاند: سۆفیا بەنیازە یاداشتەکانی لە دووتوێی کتێبێکدا بڵاو بکاتەوە و بەشێکی ئەو کتێبەش بۆ پەیوەندییەکەی لەگەڵ رۆهێت شارما تەرخان بکات، بەپێی رۆژنامەی spot boye رۆهێت دەبێتە پاڵەوانی بەشێکی زۆری ئەو چیرۆکانەی کە لەسەر زاری سۆفیاوە لەو کتێبەدا باس دەکرێن.

سەبارەت بە کتێبەکەی سۆفیا لە لێدوانێکدا دەڵێ: گشت ئەو راپۆرتانە راستن، چونکە من لەو کتێبەدا بە وردی باسی پەیوەندیی خۆم و رۆهێت دەکەم، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە رۆهێت لە لێدوانێکدا بۆ دەزگاکانی راگەیاندن گوتبووی من تەنیا هاندەرێکی ئەو بووم، ئەم قسەیەش زۆر ئازاری دام، بۆیە بڕیارم دا، لێی جیا ببمەوە.

سۆفیا لە درێژەی لێدوانەکەیدا دەڵێ: نامەیەکم بۆ رۆهێت ناردووە کە تێیدا هاتووە: «سەیر کە من هاندەرت نیم و نامەوێ لەمەودوا چیتر بتبینم، چونکە ئەوەی تۆ ئەنجامت دا، مایەی شەرمەزارییە»، هاوکات دەڵێت: نامەوێ بتبینمەوە، بۆیە گشت پەیوەندییەکانم لەگەڵت پچڕاندووە و لە تویتەریش بلۆکم کردوویت، چونکە کەسێك بتوانێت بەو شێوەیە رەفتار بکات، بێگومان کەسێکی بەدرەوشتە.»

# گاگا پاڵێوراوە بۆ ئۆسکاری ٢٠١٩



خانمە گۆرانیبێژی ئەمریکی (لەیدی گاگا) دوای بەشداریکردنی لە فیلمی ( A Star is born ) بۆ بەدەستهێنانی خولی (٩١)ـەمینی خەڵاتی ئۆسکار پاڵێوراوە، جگە لە گاگا هەر یەکە لە ئۆلیڤیا کۆلمان بە فیلمی The Favorite) و خانمە ئەکتەری مەکسیکی یالتیزا ئەبریکۆ بە فیلمی Roma) و میلیسا ماکارتی بە فیلمی can you ever forgive me

ئەکادیمیای هونەر و زانستی سینەما کە بەرپرسە لە رێکخستنی ئاهەنگی دابەشکردنی خەڵاتەکانی ئۆسکار بڕیاری دا، بۆ یەکەم جار لە دوای ٣٠ ساڵ تەنیا یەك کەس ئاهەنگەکە پێشکەش نەکات و لە بری ئەوەوە ژمارەیەك ئەستێرەی ریزی یەکەم ئاهەنگەکە پێشکەش بکەن، بۆ ئەوەی بەرپرس بن لە پێشکەشکردنی بڕگەکانی ئاهەنگەکە.

لە لایەکی دیکەوە لەیدی گاگا خەمباری و دڵتەنگیی خۆی بە لەدەستدانی ئەسپەکەی (ئارابیلا) دوای تووشبوونی بە نەخۆشییەك نیشان داوە و، بەم بۆنەوە وێنەیەکی خۆی لەگەڵ ئەسپەکەی و نامەیەکی تایبەتی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاو کردەوە، لە نامەکەی گاگادا هاتووە: «هەرگیز ئەو ساتانە لە بیر ناکەم کە بە یەکەوە بەسەرمان برد، هەمیشە بەشێك دەبی لە من، خەمبار و دڵتەنگم بە لەدەستدانت، بەڵام هیوادارم ئازارەکانت کۆتاییان هاتبێت، هیوادارم دەرگاکانی بەهەشتت بۆ بکرێنەوە، خۆشمدەوێی.»



## نیللی مەقدسی:
# دەبێ روخساری مرۆڤ رەنگدانەوەی ناخی بێت

هەرچەندە کەسایەتییە ناسراوەکان بەتایبەتی ئەکتەر و گۆرانیبێژان زۆر باس لە ژیانی خۆیان ناکەن، خانمە گۆرانیبێژی ناسراوی لوبنانی نیلی مەقدسی لە دیمانەیەکدا باسی لە چەند لایەنێکی ژیانی تایبەتیی خۆی کردووە، کە بۆ یەکەم جارە ئاشکرایان دەکات و تا رادەیەکیش بۆ جەماوەر مایەی شۆك بوون.

نیلی لەو دیمانەیەدا دەربارەی چۆنیەتی دەرکەوتنی بە جوانترین شێوە دەڵێ: «ئەم بابەتە بە لای منەوە یەکێکە لە بابەتە هەرە سەرەکییەکانی ژیان، بۆیە زۆر گرنگی بە شێواز و چۆنیەتی دەرکەوتن و هەڵسوکەوت و قسەکردن و جلوبەرگم دەدەم، بەڵام جگە لە دیمەنی دەرەوە و شێوەی دەرکەوتنم، ناخ و ناوەڕۆکیش بە لای منەوە زۆر گرنگە، چونکە دەبێ شێوازی دەرکەوتن و روخسار رەنگدانەوەی ناخی مرۆڤ بن و هەردووکیان وەك یەك پاك بن».

نیلی باس لە تووڕەیی و گرژی دەکات و دەڵێت: «من زۆر هەستیارم کاتێك تووڕە دەبم کە رووبەڕووی گرفتێك دەبمەوە و کاریگەریی لەسەرم دەبێت، هەرچەندە زۆر لەو کەسانەی کە سەیرم دەکەن، پێیانوایە من کەسێکی دڵڕەقم، بەڵام بەپێچەوانەوە زۆر هەستیارم»، دواتر نیلی مەقدسی سەبارەت بە رق و کینە لە ژیانیدا دەڵێت: «خۆشەویستی و رق لە ژیانی مندا هاوتای یەکن، چونکە ئەگەر رقیشم لە کەسێك ببێتەوە، بەبێ هۆ نەبووە، زۆر جاری وا هەبووە رقم لە کەسێك بۆتەوە، بەڵام دوای ماوەیەك لە بیرم کردووە و هیوای چاکەم بۆ خواستووە.»

### جەمال ئامێدی سەرۆکی تیپی مۆسیقای دهۆک:

# ئاوازم بۆ کەس دانەناوە، چونکە دانانی ئاواز زانستە

جەمال محەمەد ئەدیب یەکێکە لە موزیسیانە هەرە ناسراوەکانی دهۆک و کوردستان کە چەندین ساڵە وک ناوێکی دیار و بەرچاو لەگەڵ سەدان هونەرمەندی هەر چوار پارچەی کوردستان کاری کردووە، لەم دیمانەیەدا هونەرمەند باس لە چەند وێستگەیەکی ژیانی هونەریی خۆی دەکات.

**دیمانە/ جەمال بەرواری**



*** دەستپێکی کاری هونەریت کەی بووە و چۆن تێکەڵی ئەو جیهانە بوویت؟**

- هەنگاوی یەکەمم ساڵی ١٩٧٦ بوو، کاتێك باوکم ئامێرێکی گیتاری هەوایی لە تورکیا بە دیاری بۆ هێنام، ئەو کات زۆر گوێم لە هونەرمەندان تەحسین تەها، محەمەد عارف و حەسەن جەزراوی دەگرت، پاشان کە لە ساڵی ١٩٧٨ هونەرمەند دڵشاد محەمەد هاتەوە دهۆك و تیپی مۆسیقای دهۆکی دامەزراند، خۆم فێری ژەنینی کەمانچە کرد و بەشداریم لە یەکەم ئاهەنگی تیپەکەدا کرد کە لە ساڵی ١٩٧٩ لە شاری سەماوە ئەنجامدرا، دواتر بۆ تەواوکردنی خوێندن وازم لە تیپەکە هێنا.

*** لە کوێ وانەی فێربوونی کەمانچەت وەردەگرت؟**

- بە بەشداریکردنم لە خولەکانی فێربوونی ژەنینی کەمانچە و فێربوونی نۆتەی مۆسیقا و گوێگرتن لە گۆرانی و مۆسیقای کوردی من خۆم فێر کرد و تواناکانی خۆم پێشخست، لە ساڵی ١٩٧٨ بەشداریم کرد لە خولێکی فێربوونی مۆسیقا کە لە بنکەی لاوان ئەنجامدرا. لە ساڵی ١٩٨١ مامۆستا دڵشاد پەیکەری تیپەکەی گۆڕی و حەزی کرد موزیسیانی بەتوانا

بهێنێته ناو تیپەکەی و وەك کەمانچەژەن منیشی بانگ کرد، ئەو کات لەگەڵ چەندین کەمانچەژەنی بەتوانا کەمانچەم ژەنی، لەوانە: (بەدرخان تەها و وەلید خالید)، هەرچەندە سەرەتا کاتێك کەمانچەکەم گرت، تۆزێك شڵەژام، چونکە ژەنینی کەمانچە کارێکی ئاسان نییە، بەڵام دواتر لە ژێر دەستی مامۆستا دڵشاد مەشق و راهێنانم ئەنجامدا و زۆر خێرا فێری زانست و بنەماکانی ژەنین بووم، دواتر هاتمە ریزی یەکەم ژەنیارەکان و زۆر جاریش کە مامۆستا دڵشاد ئامادە نەبووایە، من سەرکردایەتیی تیپەکەم دەکرد. لێرەدا دەمەوێ ئاماژە بەوە بکەم کە تا ئێستاش پەیوەندیم لەگەڵ هونەرمەند دڵشاد محەمەد سەعید پەیوەندییەکی برایەتی و بەهێزە، من خۆم بە قەرزاری ئەو دەزانم و رێگای هونەری دروستی نیشاندام لە ژەنینی کەمانچە، هەروەها ئەو رۆژە خۆشانە لە یاد ناکەم کە پێکەوە لە سەردەمی تیپی دهۆك بەسەرمان بردووە.

*** ئایا تا ئێستا کاری ئاوازدانانت کردووە؟**

- دەمەوێ شتێك روون بکەمەوە، ئەویش ئەوەیە کە دانانی ئاواز زانست و ئیلهامە، بۆیە هیچ کاتێك ئاوازم بۆ هیچ هونەرمەندێك دانەناوە، من دابەشکردن و ئامادەکردنی مۆسیقام ئەنجامداوە، بەڵام ئاوازم دانەناوە.

*** گۆرانیی کۆن و کلاسیك، یان گۆرانیی نوێ و هاوچەرخ کامەیان لە تۆوە نزیکترن؟**

- من لەگەڵ گۆرانییە کۆنەکانم، چونکە لەسەر بنەمایەکی پتەو دانراوە، ئەویش مقامە کە بڕبڕەی پشتی گۆرانییە. مرۆڤ کاتێك گوێ لە مقام و دەنگی حەسەن جزراوی و محەمەد عارف دەگرێت، هەست بە گۆرانی راستەقینە دەکات، هەرچەندە ئیمکاناتی ئەو کاتە زۆر کەم بوون، بەڵام گۆرانییەکان هەمیشە بە زیندوویی دەمیننەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵێك هەیە کە گۆرانیی نوێ و هاوچەرخ لە هەڵبژاردنی تێکست بە شێوەیەکی پتەو بونیات بنرێت، ئاواز و دەنگ و نۆتە، ببنە بنەما بۆ گۆرانی. بەشێوەیەکی گشتی هەر گۆرانییەك جا گۆرانییەکی نیشتمانی، یان سۆزداری، یان گۆرانیی ئاهەنگ بێت، بنەما و تایبەتمەندیی خۆی هەیە و لە هەڵبژاردنی بابەتی گۆرانییەکەدا نابێ پەلە بکرێت، ئاساییە کە دەربارەی تێکست و ئاواز گفتوگۆ لەگەڵ شاعیر و ئاوازدانەر بکەین،چونکە پێویستە تێکست و ئاواز و دەنگ گونجاو بن بۆ ئەوەی گۆرانییەکی دروست بەرهەم بهێنرێت.

*** پەیوەندیت لەگەڵ گوڵبەهار چۆن بوو؟**

- لە ساڵی ٢٠٠٥ کە گوڵبەهار هاتە کوردستان، تیپەکەمان بۆ رێکخستنی ئاهەنگێك لە مەراسیمی رێزلێنانیدا راسپێردرا، هەروەها چەند هونەرمەندێکیش ئامادە بوون، لەوانە خاتوو ئالان عومەر کە گۆرانیی (دلۆ دلۆ) ی زۆر بە جوانی و سەرکەوتوویی گوتەوە، ئەو کات بیرۆکەی ئەوەم بۆ دروست بوو کە گۆرانییەك بۆ گوڵبەهار تۆمار بکەم، ئەوە بوو گۆرانییەکمان تۆمار کردو سەرکەوتنێکی بەرچاویشی بەدەستهێنا، هەر ئەمەش وایکرد کە پەیوەندیم لەگەڵ خوالێخۆشبوو گوڵبەهار خۆش بێت و ئەویش زوو زوو سەردانی تیپەکەمانی دەکرد، هەروها داوای لێکردم کە گۆرانیی (چەلا لبەر چەلا) دووبارە بکاتەوە، هەرچەندە بەهۆی گەورەیی تەمەنی و تۆنی گۆرانییەکەوە بۆ من زۆر سەخت بوو، بەڵام داواکەیم جێبەجێ کرد، ئەوە بوو گۆرانییەکەی گوتەوە بە مەوالی (دلی پڕ برین)، لە تۆمارکردن و دابەشکردنی گۆرانییەکەدا تووشی گرفتی زۆر بووینەوە، ئەوەی مایەی سەرنج بوو، گوڵبەهار سەرەڕای گەورەیی تەمەنی هێشتا تۆنی دەنگی نەگۆڕا بوو، بەداخەوە دواتر جەڵدەی دڵ لێیدا و دوای نەخۆشکەوتنی چووە بەغدا بۆ چارەسەر کردن، بەڵام لەوێ گیانی لە دەست دا.

*** ئەی لەگەڵ نەمر تەحسین تەها؟**

- تەحسین تەها هونەرمەندێکی گەورە و رۆشنبیر و زیرەك بوو، لە هەڵبژاردنی گۆرانی و تێکستدا، بەتایبەتی گۆرانییە شۆڕشگێڕی و نیشتمانییەکاندا. تەحسین تەها قوتابخانەیەکی هونەری بوو، پلانی بۆ گشت گۆرانییەکانی دادەنا و بە وردی هەڵیدەبژاردن، تەنانەت شوێنی تۆمار و وێنەگرتنی کلیپەکانیشی دیاری دەکرد، دوایین گۆرانی تەحسین تەها لە ساڵی ١٩٨٨ بە ناوی (وەی دونیایێ) بوو، ئەویش هەر لەگەڵ تیپی مۆسیقای دهۆك ئەنجام درا.